عەبدوڵڵا سەمەدی

# برا، بیری چرایێکی بکەن،
# تاریکە شەو دادێ

لە گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی **کۆمەڵەی ژ.ك** دا؛ بابەتی ڕەنگاوڕەنگ و هەمە جۆر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام سەرجەم دەکەونە ناو جەغزی بیرێکی نەتەوەییەوە. ئەو هەڵوێستەش، بە تایبەت بۆ بارودۆخی کوردستانی پتر لە شەست ساڵ لەمەوبەر، هەڵوێستێکی دروست و پێشکەوتووانە بووە. دیارە هەڵسەنگاندنی هەر شتێك دەبێ بە پێوانەی سەردەمی خۆی بکرێ.

یەکەم ژمارەی **نیشتمان**، تەواو ساڵێك پاشی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك چاپ و بڵاو کرایەوە[1]. **عەبدوڕەحمانی زەبیحی** چ لە ناو کۆمەڵەدا و چ بۆ ئامادە کردن و بڵاوکردنەوەی نیشتمان، چالاکییەکی بەرچاوی نواندووە و ئەرکێکی قورسی وەئەستۆ گرتووە. بەشێکی زۆری وتار و نووسراوەکانی نیشتمانی ئامادە کردووە و هەروەها پێوەندی بە شاعیران و نووسەرانی کوردەوە گرتووە و بابەتی جۆراوجۆری لێ‌خواستوون بۆ بڵاوکردنەوە لە نیشتماندا؛ کە یەك لەوان، **مەلا مارفی کۆکەیی** بووە.

لە ژمارەکانی (١)، (٣و٤)، (٥) و (٦)ی نیشتماندا سەرجەم چوار پارچە هەڵبەستی مەلا مارف چاپکراوە. یانی لە هەر ژمارەدا هەڵبەستێك هەیە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە مەلا مارف لە ١٩٤٥ کۆچی دوایی کردووە و شێعرەکانیش لە ١٩٤٣چاپ کراون، دەکەونە دوو ساڵ بەر لە مەرگی شاعیر و دەبنە دوایین ئەزموونەکانی شێعریی ئەو. دیارە پێوەندیی زەبیحی بە مەلا مارفەوە، دەورێکی بەرچاوی بووە لە نووسینی ئەم شێعرانەدا، بەڵام بێ‌شك بیروباوەڕی خودی مەلا مارفیش لێرەدا ئینکار ناکرێ؛ چونکە بەر لە پێوەندییەکەی زەبیحی و دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك و بڵاوکردنەوەی نیشتمان، مەلا مارف شێعری نەتەوایەتی هەر بووە و بە چاوخشاندنێك بە سەر شێعرەکانی پێشوویدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ. تەنانەت لە شێعرە کۆنەکانیشیدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بابەت و ئاماژەی ناسیۆنالیستی و نەتەوایەتی بەدی دەکرێ، و ڕووحێکی دژی دەسسەڵاتی سەرکوتکەر پێ‌بەپێی بابەتە ئاساییەکانی تر هەنگاو دەنێ و جار هەیە نهێنی و نەرمە، جاریش هەیە کە ئاشکرا و توندە.

مەلا مارف لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بێ‌خەبەر نەبووە و بە تایبەت ئاگاداری جموجووڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردیی بووە و بڵاوکراوە کوردییەکانی ناسیوە و چاوی پێیان کەوتووە. بۆ وێنە لە شێعرێکیدا ناوی

---

[1] دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك) ڕێکەوتە لەگەڵ ١٣٢١/٥/٢٥ی هەتاوی و بەرامبەری ١٩٤٢/٨/١٦، بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان وەك لە هەوەڵین لاپەڕەی ژمارە (١) ی هەمان گۆڤاردا ئاماژەی پێکراوە، ( پووشپەڕی ١٣٢٢ = جولای ١٩٤٣ ) یە.

هەڵبەت کاك عوبەیدوڵڵای ئەییوبیان لە بابەت مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك ەوە بیروڕایەکی تەواو جیاوازی هەیە و سوورە لە سەر ئەوەی کە ١٤ی گەلاوێژی ١٣٢١ دروستە.

گۆڤاری گەلاوێژ[2] دەبا کە ۴ ساڵ بەر لە گۆڤاری نیشتمان لە بەغدا دەرچووە، و دوور نییە شێعریشی لەوێدا بڵاوکردبێتەوە.

مەلا مارف چوار کوڕ و کچێکی هەبووە کە هەموویان لە لای خۆی دەرسیان خوێندووە و باسەواد بوون. هەر بە سرنجێك لە ژیان و بەرهەمی مەلا مارف، زوو تێدەگەین کە ئەو، پێشتر لە زەمانی خۆی ژیاوە و ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی بووە. ئەوەش وەنەبێ بۆ ئەو بووبێتە مایەی ژیانێکی ئاسوودە و ڕاحەت؛ بەڵکوو بە پێچەوانە، بووەتە هۆی گەلێك کوێرەوەری و دەربەدەری، هەر وەك گوتویانە: بۆ مرۆی زانایە تووشی نامرادی و دەردیسەر.

مەلا مارفی لە چینی بێدەسەلات و ڕەشوڕووتی کۆمەڵ، بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە چەکی شێعر، هەمیشە لە بەربەرەکانیی دەسەڵاتی زاڵمدا بووە. لە موکریان کە باسی مەلا مارف بکرێ، یەکەم شتی بەرباس، هەژاری و نەدارییەکی کوشندەیە کە بڕستی لێبڕیوە، بە چاوخشاندنێکیش بەسەر شێعرەکانیدا، یەکەم شتی ئاشکرا هاوارە لە دەست ئەو هەژاری و نەدارییە:

لەسەر بانی سەرم ڕاوەستە، تاوێکی تەماشاکە
کە پیری و فەقر و بێچاوی چلۆنم پێدەکەن بازی

بە سەرماندا دەرێژن گێژەڵووکەی نەگبەت و مێحنەت
غوباری ئیفتیقار و تۆزی دەرد و گەردی بێوازی

غەم و دەرد و بەڵا، چینچین و سەفسەف دەورەیان داوم
وەکوو سالات و ساحێب مەنسەبانی شوڕەوی و نازی

لەبەر هەیوان و نێو حەوش و حەساری مەسجیدی جامیع
بە تەنیا دێودەچم وەک لەگلەگی مەشهووری دریازی

و ئەو دەستەنگی و هەژارییە زۆر جار ناچاری کردووە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە نامەی شێعریی ڕەوانەی ئەم دەوڵەمەند و ئەو ڕەئیس بکا و پاشی دۆعای سەر و ماڵ، بژیوێکی ئاسایی و نانەزگییەکی ڕۆژانە بخوازێ.

گەرچی بەهرە و قیسمەتم لەم شارە هەر دەرد و غەمە
باز بە قوربانی وجودی تۆی دەکەم هەرچی هەمە

ئەو قەسیدە کوردییەم تەقدیم دەکەم بۆ مەعزەڕەت
تا نەفەرمووی: بۆچ فلانی هاتوچووی ئێمەی کەمە

باوەڕت بێ، حوببەیی حوببت لە مەزرای سینەدا
وەک درەختی جەنگەڵی سەبز و بڵیند و مەحکەمە

ڕووی زەمانەی بێوەفا ڕەش بێ وەکوو ڕووی موددەعی
بێبەشی کردم لە سۆحبەت، کونجی مێحنەت جێگەمە

ئاهی سەرد و ڕەنگی زەرد و میحنەت و جەور و جەفا
مونیس و یار و ڕەفیق و هەمنشین و هەمدەمە

کێوی کەللەم وەک دەماوەندە، دەمێ خاڵی نییە
یا بە تەم مەشغووڵە، یا مەشموولی هەور و ماتەمە

بۆ دیفاعی لەشکری بەدبەختی و ڕۆژی سیا
یاوەر و سوڵتان و جەیشم، شاهی غەوسولئەعزەمە

بۆ مەتاعی دیدە، چاوم خوێن دەرێژێ دەمبەدەم
ڕۆژی ڕووناکم شەوی تاریک و ڕۆژی موزلەمە

لەشکری فەقر و پەرێشانی هجومیان کردووە
دەورەیان داوم بە نێزە و خەنجەر و شیر و قەمە

دەردی بێدەرمان و سەرباری هەموو دەردی گران
بێوەفایی دۆستان و ئینقیلابی عالەمە

ڕایەڵ و پۆی تێکچووە ماشێنەکەی چەرخی فەلەک
هەر وەکوو ئەوزاعی من ئاڵۆز و دەرهەم بەرهەمە

چون بە هەر شکڵێ لە مەوزووعات و مەحمووڵاتی خۆم
هەر قیاسێ هەڵدەبەستم، بێنەتیجە و ئەعقەمە

[2] گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیی کوردی بووە. یەکەم ژمارەی لە ۱۹۳۹ بڵاوکراوەتەوە. خاوەنەکەی مامۆستا برایم ئەحمەد و سەرنووسەرەکەی عەلائەددین سەجادی بووە، تا ساڵی ۱۹۴۹، بە ماوەی ۱۰ساڵ بەردەوام بووە.

مەسڵەحەت وایە کە شەرحی حاڵی خۆمت پێبڵێم — تا بزانی زەخم و دەردم بێدەوا و مەرهەمە
هیچ درۆ ناکەم جەنابی **سەیف** ئەگەر باوەڕ ئەکەی — بەو خودایەی خالقی کورسی و عەرشی ئەعزەمە
موددەتی سێ مانگە بۆ تەحسیلی قووتی لایەمووت — شاعیرییەت عادەت و شوغڵ و شیعار و پیشەمە
غەیری سەیف و سەدری غازی شەخسی با شان و شەرەف — یەعنی ئەشخاسێ بزانم موکریمە یا ئەکرەمە
کەس نەماوە بۆی نەنێرم یەک غەزەل شێعری قەشەنگ — یەک قەسیدەی وا کە هیچ کەس پێی نەکا گاڵتە و گەمە
هیممەت و بەخشایشی ئەهلی وەفا نەبوایە، من — نەمدەبوو ئەورۆکە نانێک و پیاڵێک دیشلەمە
بەم قەزییە و قیسمەتە من چۆن دەبێ ڕازی نەبم — جەدوەلی تەقسیمی وا کێشاوە **قازیی مەحکەمە**.

بەڵام هەر ئەم شاعیرە برسیە، لە کاتی خۆیدا ڕووبەڕووی سمایل ئاغای سمکۆ و قەرەنیئاغای مامەش و سەرداری بۆکان و ئاغاوەتی دەسەڵاتداری ناوچە دەبێتەوە و بەسەریانەوە ناچێ! وەك لەم شێعرەدا کە لە ساڵی (١٩٢٢)، بە بۆنەی هاتنی سمایلئاغا بۆ مەهاباد و تاڵانی ئەو شارە لە لایەن سوارەی شکاکەوە گوتوویەتی؛ لە کاتێکدا مەلا مارف ئەو شێعرانەی گوتووە کە چەند کەسێك لە شاعیرانی موکریان بە خزمەت سمایلئاغا گەیشتوون و بەخێرهاتنیان کردووە و شێعریان پێهەڵگوتووە:

شاعیر عموومی کەوتە مەقالات و بۆڵەبۆڵ — مەدحی وەتەن دەکەن بە قەسیدەی شڕ و شڕۆڵ
تەعریف دەکەن لە میللەتی کوردی بە سەد زمان — پاک بوونە چاوەشێکی بەبێ دمبەگ و دەهۆڵ
کوردیش چ کوردە؟! میللەتی خۆخۆرە پێکەوە — بۆ گیان و ماڵی یەکتری سمکۆڵ دەکەن لە خۆڵ
دێو و درنج و ورچ و بەراز و ڕێوی و چەقەڵ — کوێر و کەڕ و شەل و کەچەڵ و گۆج و گێڕ و گۆڵ

.................................... ....................................

بۆ ماڵی کوردی هاتنە سەما و ڕەقس و پێکەنین — بەربوونە گرمە گرم و چەق و لوور و گۆڵە گۆڵ
وەک گورگی هار و برسی بڵاو بوون لە دەشت و دەر — دەخولێنەوە هەموو ئەشکەوت و خڕ و شیو و دۆڵ
بۆ کاڵە کۆن و ناڵە شکاوی فڕێ دراو — خۆیان دەخستە ئاو و ئاور و ژێر ئەرزی چاڵ و چۆڵ
پوڵ و ئەساس و دەوڵەت و ماڵی نەکەم نە زۆر — هیچیان نەهێشت و بۆمە نەما غەیری خاک و خۆڵ

.................................... ....................................

ئەمما بڵێن بە خان و خەوانین و میر و قۆڵ

تاکەی وەتاغی بەرز و ژنی تەرز و تەرکی فەرز — لێتان حەرام بێ سۆحبەتی خاتوونی نەرمونۆڵ
سەرتان کە سازە، هەریەکە ئاوازێ لێدەدا — پاک ساحێبی تفەنگ و سوپاه و جا و جۆڵ
ئاوەڵکراسی کیژ و کچ و خانمی وەتەن — دایان ڕنین ئەوان دە سەبابانی قون ترۆڵ
سابڵاغیی دەستوپێ بە خەنەی قەت هەتاو نەدیو — ڕەنگین و نازەنین و سپی و سۆڵ و نەرمونۆڵ
قازی و مەلا و تاجر و ئەسناف و ئەهلی شار — گیران بە سۆغرە، کەوتنە ژێر باری دار و کۆڵ
سەردار و کەیخودایی موکریان خەڵات کران — ڕانکێکی کۆن و لەتەلەت و چۆغێکی بێ گورۆڵ
ئەو ڕۆژە غیرەت و شەرەف و دینی خۆت فرۆت — ئەی ئافەرین ڕەئیس و ئەمیرانی تۆند و تۆڵ
دوێنێ دڵم بە ئاوری حوببی وەتەن دەسووت — ئەورۆکە وایە، سارد و سڕە هەر وەکوو سەهۆڵ

مەیڕێسە! بەسیە! شاعیری چەپرەک بڵێ: بەڵێ        ڕەببی وڵاتی کوردی ببینین بە چۆڵ و هۆڵ.

لەو چوار پارچەیەی کە لە نیشتماندا بڵاو کراونەوە، تەنیا یەکیان لە دیوانە چاپکراوەکەیدا (بە دەستکارییەوە) چاپکراوە، ئەگینا سێ پارچەکەی تر لە دیوانەکەدا نین. دیارە چونکە کۆمەڵەی ژ.ك ڕێکخراوێکی نهێنی بووە، هەموو ئەو ناوانەی کە پێوەندییان هەیە بە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، نێوی خواستراوەن. هەر بەو پێیە، مەلا مارفیش لە گۆڤارەکەدا ناوی نەهاتووە و هەر بە (شاعیرێکی بە ناوبانگ) یا (بوێژێکی ناودار) ناوی براوە.

ئەو هەڵبەستانە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و بیروبەرژەوەندی مەلا مارف زۆر گرینگن. ئەو وەکوو ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی، لە ئاست ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە گرینگەکانی ناوچە و جیهانیدا بێلایەن ڕانەوەستاوە، بەڵکوو هەڵوێستی هەبووە و ئەو هەڵوێست گرتنەش بۆ ئەو، کە کەسایەتییەکی ئایینی بووە، بە وەبەرچاوگرتنی باری دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی، چاونەترسی و ئازایەتییەکی مەزنی ویستووە.

ماوەی ٧١ ساڵەی ژیانی مەلا مارف، مێژووسازترین و پڕکارەساتترین دەورانی مێژووی سەردەم بووە بۆ کوردستان و جیهان. تێکچوونی ئیمپەڕاتورییەتی عوسمانی، شۆڕش و شکست و ئیعدامە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان، شۆڕشی مەشرووتەی ئێران، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سەدان ڕووداو و ئاڵوگۆڕی بچووك و مەزنی دوا بە دوا، کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر مەلا مارف بیرەومەند کردووە. بەڵام چارەنووسی ئەو وابووە کە بە ڕوحێکی سەرکەش و بیرێکی ئاوەڵا و ڕووناکەوە، گرفتاری چوار دیوارییەکی بچووك بێت. لە وەها کاتێکی ناسکدا کە گەلان چارەنووسی خۆیان دیاری کردووە و گۆڕانکاریی مەزن لە ژیانی گەلانی ژێردەستەدا ڕووی داوە، مەلا مارف دیلی و کلۆڵی نەتەوەکەی خۆی پتر هەست پێکردووە و هەر ئەوەندە توانیویەتی دەنگی خۆی لێهەڵبڕێ و هاوار بکا:

بۆ بێخەبەرن؟ دەوری جەهالەت سوپەری بوو        بێنوورە چرای جامیعەیی بادەپەرەستان

ئەورۆکە لە فەن و هونەر و عیلم و سەنایع        هەر کوردە کە بێحیسسەیە، باقی هەموو وەستان

و سەرەڕای ئەوە کە خۆی پیاوێکی ئایینی بووە، بەڵام باری نالەبار و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی کورد وەهای تووڕە کردووە کە هاوار بکا و بڵێ: « ***هەرچەند لەوانەیە ئێوە بە شێت و ماخولیام بزانن، بەڵام با پێتان بڵێم: ئەوەی ئێوە بە ناوی عیلم و زانست سەری خۆتان پێوە گەرم کردووە، نەتەنیا عیلم نییە بەڵکوو نەنگە! لە خەو هەڵسن و چاوێك بە دەوری خۆتاندا بگێڕن، عیلم ئەوەیە کە دنیای ڕووناك کردووەتەوە و بووەتە هۆی پێشکەوتوویی گەلان. ئەو (صرف) و (نحو) و (حکمت) و (منطق)ەی ئێوە پێی خافڵاون، ئەوە لە ژێر قورسایی فیلی سەنعەت و پیشەسازیدا خەریکە دەترێ و دوا هەناسەی خۆی دەکێشێ! ئەو (قمر) و (عقرب)ەبەی ئێوە بە عیلمی تێگەیشتوون، قومارۆچکەیەکی منداڵانە و خۆهەڵخەڵەتاندنێکی ساویلکانەیە کە بەرهەمەکەی بووەتە دواکەوتوویی و دۆڕاندنی نەغدینەی ژیان! عیلم ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئەورووپا و ئەمریکا بە دەستی ئەدیسۆن و زانایان خەریکە دنیا دەخاتە ژێر چۆکی خۆی.*** »

مەڵـێن یا شێـتە یا مەسـتی شەراب و ئارەق و بەنگە
خەیاڵاتـم پەرێـشانە، دڵـم تاریک و هــەم تەنگـــە
مەکەن مەنعم لە هەوری بیری من بارانی خوێن بڕژێ

لە سەحرای سینەدا دیسان هەرایە، شۆڕشە، جەنگە
شەهی ئیقلیمی بەدبەختی، لەبۆ تەسخیری مولکی دڵ
هوجوومی کردووە، تالیب بە تاج و تەخت و ئەوڕەنگە
ئەمیری لەشکری زوڵمە لە دەوری فەوجی بێڕوحمی
جەفا و جەور و مێحنەت یاوەر و سەرتیپ و سەرهەنگە
کە دیتم لەشکری مولکی بەدەن مەغلووب و مەحسوورە
بە فەرزینی غەمم شاهی وجودم مات و بێدەنگە
ڕوخی نەحو و پیادەی سەرف و ئەسپی حیکمەت و مەنتیق
لە ژێری فیلی سەنعەتدا خەریکی وردە ئاهەنگە
کوتم ئەی نەفسی غافڵ هەستە سەیری وەزعی دنیا کە
بە نووری مەعریفەت ڕووی سەرزەمین یەکسەر تەلا ڕەنگە
نەتیجەی حاسڵی دنیا و دینت جەهل و غەفڵەت بوو
تەواوی قەول و فێعلت شەعبەدە و تەزویر و نەیرەنگە
چ نەفعێکی هەیە بۆ تۆ بزانی کەوکەبی تالیع
کە عەینوسسەوڕە، کلکی عەقرەبە، یا چەنگی خەرچەنگە
مەعاریف عیلمی تەییارە و گرەیمافۆن و بێسیمە
ئەوەی تۆ پێی دەڵێی (عیلم و مەعاریف)، چاوەکەم (نەنگە)
مەسافەی بەینی عیلمت، تا دەگاتە عیلمی (ئادیسۆن)
عەزیزی من! بە میلیۆن و بە کیلۆمیتر و فەرسەنگە
وەکیل و نایب و سەرجۆخە بۆ تۆ شاه و سوڵتانن
ئەویش کەمتر غولامی خوسرەو و جەمشید و هۆشەنگە
بەڵێ عالم ئەبێ یا ئیبنی سینا یا غەزالی بێ
کە ئیحیای ئەم شیفای قەلب و شیفای ئەو کەنزی فەرهەنگە
حەیاتی جاویدانی سەنعەت و سەربەرزییە جانا
قەتار و قافڵەی بێعیلم و سەنعەت تا ئەبەد لەنگە
چییە؟ سا بەسیە شاعیر مەوعیزە و شێعر و غەزەلخوانی
مەتاعی تۆ هەموو بێقیمەت و بێڕەونەق و ڕەنگە
کە شێعرت وەک سەدەف فەڕزەن هەموو پڕ بێ لە دانەی دوڕ
لە لای ئەشخاسی وشک و بێتەبیعەت ئاسن و سەنگە
کە مەقبووڵی جەنابی شێخ و ئەربابی تەبیعەت بێ

نیگارین خانەیی نەقڤاشی چین و نەقشی ئەرژەنگە.
ئەم ڕا و بۆچوونە توندانەی مەلا مارف، تەنانەت پاشی پتر لە نیو سەدە، هێشتا بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵی ئێمە بە هاسانی قەبوڵ ناکرێن و دەربڕینیان لەخۆبوردوویی و ئازایەتی دەوێ. هەروەها وەڵامێکیشە بۆ ئەو کەسانە کە پێیان وایە شێعرە سیاسییەکانی مەلا مارف، فرۆشتنی شێعرە بە کۆمەڵەی ژ.ك، بۆ قوتار بوون لە دەست برسێتی و نەداری. دیارە ئەو هەڵوێستە توند و ئاشکرایە شتێك نییە بە پارە ساز بکرێ و جگە لەوەش، ئەم شێعرە و چەندین شێعری تری لەم بابەتە، مێژووی نووسینیان دەکەوێتە بەر لە کۆمەڵەی ژ.ك و گۆڤاری نیشتمان. با ئەو ڕاستییەش وەبەرچاو بگیرێ کە مەلا مارف وەکی زۆربەی شاعیرە مەزن و نەدارەکانی کورد، بە شێعر داوای پارە و جلوبەرگ و توتن و شەکر و بژیوی ڕۆژانەی لەم و لەو کردووە، بەڵام ئەو بابەتانە زۆر بە هاسانی لەو شێعرانەجیا دەکرێنەوە کە ڕیشەیان لە هزر و ڕوحی شاعیر دایە و بە پارەش نانووسرێن.
لە هەندێ شێعردا، ڕوو لە دوژمن وەردەگێڕێ و پەنجەی گلە و گازندە بۆ نەتەوەی خۆی درێژ دەکا، دیارە ئەو وەرچەرخانەش سۆزێکی نەتەوایەتی لە پشتە و نە تەنیا ناچێتە خانەی دژایەتییەوە، بەڵکوو بە پێچەوانە، دەچێتە خانەی دڵسۆزییەوە.
حەفگۆیی و هەڵوێستی ئازایانەی مەلا مارف، بووەتە هۆی پێکهاتنی فەرهەنگێکی تووڕەیی و ناڕەزایەتی لە ناو ماڵ و خێزانەکەیدا، بە چەشنێك کە کوڕی گەورەی ئەو، بە ناوی **مەلا عەلی** بە دژایەتی کردنی ئاغای دەسەڵاتداری ناوچەکە، دەست بداتە تفەنگ و ڕوو بکاتە شاخ. و لە ئاکامدا وەکی هەمیشە، بە دەهۆ و سوێندی درۆ دەستەبەر بکرێ و بە خەیانەتی نزیکترین ئاواڵەکانی، لە کێوی **حاجی کیمی** داگەڕێ و بکەوێتە بەر دەسرێژی گوللە؛ و بۆ ئەوەی قەبرەکەشی چاوی نەیاران ئازار نەدا، هەر لە مەزرای داوێنی ئەو کێوە، بە ناوی **مەزرای قاری مووسا** بخرێتە ناو چاڵێك و بنێژرێ. کوژرانی مەلا عەلی لە ساڵی ١٩٢٤دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی مەلا مارف و ناچار دەبێ هەر لەم ساڵەدا دەستی ماڵ و منداڵ بگرێ و ڕوو بکاتە سابڵاغ و لە **مزگەوتی شادەروێش** بگیرسێتەوە.
عەلائەددین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا ئاماژەیەکی ناسکی ئەو کارەساتە دەکا و دەنووسێ: «مەلا مارفی کۆکەیی لە سابڵاغ و لە وڵاتی موکریان ژیانی بە ناسۆریی بەسەر برد. لە سەردەمی دواییدا، یەکە هۆنەری موکریان بوو. بەڵام ڕۆژگار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پشتی تێهەڵئەکرد. سەرەتای دەروازەی ناسۆری بێ‌پایانی، کوشتنی کوڕە گەنجەکەی، مەلاعەلی بوو. ئەم کوڕە ئاگرێکی قودرەت بوو پەیدا بوو بوو. مەلا عەلی ڕیوەڵەیەك بوو، بەڵام چارەنووس هێنای بەسەریا کەوتە کەژ و شاخ و پیاو کوشتن. ئاغەواتی موکریان و حکوومەتی ئەو وڵاتەی ڕەزاشای ئەو دەمە بە ڕاستی لە ترسی مەلا عەلی خەویان لێ‌نەئەکەوت. بە جۆرێ سامی پەیدا کرد منداڵ لە بێشکەدا کە ئەیانوت (مەلا عەلی هات!) ژیر ئەبۆوە. لە ئەنجاما مەلا عەلی کوژرا. ئەم کوژرانەی ئەو بووبە کردنەوەی یەکەم قاپی مەینەت و گریان و زاری بۆ مەلا مارفی کۆکی. بەرە بەرە هەتا ئەهات مەلا مارف بە لای پیرییەوە ئەڕۆیشت و بە لای جیابوونە لە دۆستانی دێرینییەوە ئەڕۆیشت! گریان و زاری هەر زیادی ئەکرد، چاوی ڕووناك لە بەر گریان تەکانی ئەدا بۆ لای نابینایی! خەڵك و خوا ئامۆژگارییان ئەکرد کە بەم گریانە چاوی خۆیشت دائەنێی، بەڵکوو دایشتناوە. ئیتر واز بێنە، با ئەو چوار ڕۆژە ژیانە کە ماوتە، بە ڕووناکی دنیا ببینی. ئەویش لە وەراما بەم دوو هۆنراوە جوابی ئەدانەوە:

**ژیان، ئەولاد؛ ژیان، ئەحباب؛ ژیان، ئەییامی جوانی بوو**
**نەما ئەولاد، نەما ئەحباب، نەما ڕۆژانی ڕابردوو**
**چ دێ ئیتر دەبینم من بە ئەو چاوەی کە جاران بوو**
**نەمێنێ با ئەوەش ڕەببی کە ئەو دەستەی لە دەس دەرچوو** »[٣]

مەلا مارف-ی کۆکەیی، کوڕی برایم، لە تایفەی **پەڕپلاو** ، لە ساڵی ١٢٥٣ی هەتاوی (= ١٨٧٤)، لە گوندی **حاجی خۆش** ی ناوچەی **شاروێران**ی دەڤەری مەهاباد لە دایك بوو. هێشتا منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. لە تەمەنی دوازە ساڵان ڕێی باشووری کوردستانی گرتەبەر و ماوەی دوو ساڵ و نیو لە خانەقای مەحوی، لە شاری سلێمانی دەرسی خوێند. لە ١٨٨٩ گەڕایەوە و لە گوندی **شاگێلدی** ی نێوان مەهاباد و بۆکان نیشتەجێ بوو و لە لای مەلا محەممەد ساڵحی قزڵجی درێژەی بە خوێندن دا. پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە ئاوایییەکانی ئەم دەڤەرە بە مەلایەتی ڕایبوارد و لە ١٩٢٤ بە یەکجاری هاتە مەهاباد و لە مزگەوتی **شادەروێش** گیرسایەوە. دیوانی شێعرە کوردییەکانی لە مەهاباد و شێعرە فارسییەکانی لە پاکستان چاپ کراوە، بەڵام سەرجەمی شێعرەکانی هێشتا کۆ نەکراونەوە.

مەلا مارف کۆکەیی، ڕۆژی سێشەممۆ، ٦ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٨ی ئووتی ١٩٤٥، لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژرا.

چوار پارچە هەڵبەستەکەی مەلا مارف لە گۆڤاری نیشتماندا ئەمانەن:

(١)

نیشتمان ژمارە (١)، لاپەڕە ٢١-١٩

ئەی میللەتی مەزلووم و فەقیر و دەسەوەستان
بێعیلم و مەعاریف وەکوو ئەتفالی دەبستان
ئەی بێبەش و بێبەهرە لە ئازادی و شادی
مەحرووم و عەقەب کەوتە وەکوو کوێر و نەقوستان
بۆ بێخەبەرن؟ دەوری جەهالەت سوپەری بوو
بێنووره چرای جامیعەیی بادەپەرەستان
ئەم تەمبەڵی و غەفڵەت و ئەم خەوتنە تا کەی؟
عالەم هەموو بێدارە، لەخەو جوملە هەڵستان
زۆر عەیبە، گەلێك عارە کە ئەم قەومە نەجیبە
مەشهوور بە شەجاعەت، هەموو وەك ڕۆستەمی دەستان
بێحورمەت و مەحکووم و هەموو چاوبەرەژێرن
بۆ داخلی و خارجی و پارەپەرەستان

[3] ڕشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، ل٥٨

ئەم جەهل و نیفاق و حەسەد و بوغزە هەتا کەی؟
دەخولێنەوە تاکەی وەکوو دێوانە و مەستان؟!
بیشۆنەوە پێم چاکە بە سابوونی سەداقەت
ئەم چڵکی نیفاقە لە دەم و چاو و لە دەستان
ئیقدام و قیامێکی بکەن، مەوقعی کارە
هەر بۆمەیە تەنها کە بەهار بۆتە زمستان
خار و خەسی زیللەت لە ڕەگ و ڕیشە دەرێنن
بیکەن بە گوڵ و گوڵشەن و گوڵزار و گوڵستان
هەر بۆمەیە خوێنی جیگەر و میحنەت و تاڵی
بۆ ئەجنەبییە نێعمەتی شەهد و شەکەرستان
ئەوڕۆکە لە فەن و هونەر و عیلم و سەنایع
هەر کوردە کە بێحیسسەیە، باقی هەموو وەستان
بڕوانە بە نووری هونەر و شەمعی مەعاریف
تاریکە شەویش ڕەوشەنە بۆتە قەمەرستان
گوێبگرە لە ڕادیۆ، کە بە یەك سانییە دێنێ
باس و خەبەری لەندەن و پاریس و لەهیستان
بێعیلمی سەبەب بوو کە بەخۆڕایی لەدەس چوو
میسر و حەبەش و شام و عێراق و عەرەبستان[4]
ئینسافە ئیتر؟! بەسیەتی ئەم جەهل و نیفاقە
دنیات کە نەما، دینەکەشت ڕۆیی لە دەستان
شاعیر وەرە قوربانی قەریحە و قەڵەمت بم
بینووسە لە بۆ ئاکرێ و ئامێد و لۆرستان
باوەندی و سەنجابی و ئافاقی جەنووبی
بۆ کوردی پەڕاگەندە لە گەرمێن و لە کوێستان
بۆ میللەتی بێچارەیی بێساحێب و سەردار
بەخسووس تەبەقەی کوردی عێراق و عەجەمستان
بۆ ئاتیە فکرێکی بکەن، فرسەتە ئەوڕۆ
تاکەی دەبنە چاو لەبەر و ئالەتی دەستان؟

* * *

[4] ئەمە ئیشارەیێکە بۆ ئیمپراتوورییەتی سوڵتان سەلاحەددینی ئەییووبی — نیشتمان -

(٢)

نیشتمان، ژمارە (٤و٣)، لاپەرە ٢١-٢٠

کۆمەڵی هیوا و حەرفی « ژ.ك »

ئەی خودایە بۆم بنێری قاسیدێکی سینە ساف
بچتە خزمەت کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژێ و کاف
گیر نەبێ، بڕوا ل قەولی من بچێ پێیان بلێ
ئەی مودیری ئیتیحاد و ئەی مەداری ئیئتیلاف
من لە داخی کوردی بەد ئەخلاق و بێ عیلم و سەواد
یا دەبێ بمرم وەیا هیجرەت بکەم بۆ کێوی قاف
عونسوور و ماهییەتی ئەم قەومە هەر کیبرە و غورووور
هیچ لە بارياندا نییە، غەیری درۆ و لاف و گەزاف
حەق نەناس و ناسپاس و بێئەساس و بێحەواس
موفسید و ئەهلی غەرەز، مایل بە جەور و ئیعتیساف
گەر دەچن بۆ کەر دزین و ڕاوەڕووت و ڕێگری
وا دەزانن دەچنە سەر شایی و زەماوەند و زەفاف
کەس نییە پێیان بلێ: ئەی پڕنیفاقی بێویفاق
تا بەکەی، توخودا هەتا کەی ئەو شیقاقە و ئیختیلاف
غەیری کوردی بێتەعەسسوب، میللەتی دنیا هەموو
بوونە ساحێب سەروەت و عیلم و سەواد و، مووشکاف
ئیختیڕاعی ڕادیۆ و تەییارە بۆیە هاتە ڕوو
چونکی پێیان هیچ بوو ماشێنی زەمینی و تێلگڕاف
هیممەتو ئەوڕۆکە بێ، ئەوڕۆکە ڕۆژی غیرەتە
دەس بدەینە دەستی یەك، ڕوو بکەینە مەیدانی مەساف
ڕەفعی زوڵم و حیفزیناموس و حقووقی میللەتی
چاکترە سەد مەرتەبە لە زیارەتی بەیت و تەواف
یا بە ئازادی و بە شادی دەچنە ناو حەڵقەی میلەل
یا لەسەر کورسی سەر و مل دەچنە نێو حەڵقەی تەناف
پیاوی بێغیرەت کە مەشهوورە دەڵێن دینی نییە
ئەو حەدیسە زۆر سەحیحە، بێشك و شیبهە و خیلاف
تا نەبینی دەردی سەر، هەر تا نەخۆی خوێنی جیگەر
تا نەکێشی خەنجەر و شەمشیر لە کالان و غیلاف

نێعمەتی ئازادی و شادی وەدەس کەس ناکەوێ
هەر بە مەحزی «یا الهی نجنا من ما نخاف»
خۆبەخۆ قیتن، وەکوو ئەلفن، بەڵام بۆ ئەجنەبی
مونکەسیر وەك حەرفی **کاف** و مونحەنی وەك شکڵی **قاف**
ئەی خوداوەندا بە حورمەت حەزرەتی خەیرولبەشەر
ئافتابی ئاسمانی چوارەمی عەبدولەناف
مەحزی لوتف و مەرحەمەت ئیسلاحی ئەحواڵمان بکەی
بینە پیاوێکی حیسابی بێگرێی دڵ یاکوو ساف

* * *

(٣)

نیشتمان، ژمارە (٥)، لاپەرە ٢٠-١٩

بیکەین بە جەمهووری

لە ڕۆژنامەی مودیری کەچ مەداری چەرخی شەفتووری
ئەنووسێ ڕۆژی کوردی کەوتە ئەوجی بورجی بێنووری
بوخار و دووکەڵی بێئیتتیفاقی و سووئی ئەخلاقی
موجەسسەم بوو بە هەوری نەکبەت و ڕۆژ کەوتە مەستووری
لەبەر بێفکر و ئیقدامی ڕەئیسانی عەشایر بوو
کە ڕۆژن بۆتە زوڵماتی شەوی تاریکی دەیجووری
هەموو میللەت گەیشتنە مەنزڵی مەقسوود و خوشنوودی
فەقەت کوردن بەجێماون بە مەحڕوومی و مەهجووری
عەزیزم ئیفتیخاری خاریجی هەم عیلمە هەم سەنعەت
بە میلیۆن و بە فرسەخ تۆ لە عیلم و مەعریفەت دووری
تەماشاکە لەبەر شۆعلەی چرابەرق و ئەلەتریکی
کورەی ئەرزی هەموو یەکپارچە بۆتە یەك کورەی نووری
مەگەر تۆش هەر بە پشتێندی زل و پێچ و شەدە و هەوری
بنازی، بیکەیە ئەسبابی کیبر و فەخر و مەغرووری
برا بیری چراییێکی بکەن، تاریکەشەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە، بیکەن بە جەمهووری
کەسێ میللەتپەرەست و خاوەنی فکر و سیاسەت بێ

تەرەققی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری
یەقینت بێ لە باوەش ناگری قەت شاهیدی مەقسوود
هەتاکوو پێنەنێیە مولکی ئازادی بە مەسرووری
وەدەستت ناکەوێ ئازادی و شادی بە ئاسانی
کە هەنگوین ناخورێ بێ ئێشی ڕێشی نێشی زەنبووری
هەتا مابێ لە سندووقی سەر و سینە و دەماغتدا
لە بادەی غەفڵەت و کیبر و نیفاق ئاساری مەخمووری
هەتا زنجیری مەحکوومیت لە دەست و شان و ملدا بێ
نەپۆشی تا لیباسی شیبهی کافووری بە مەجبووری
لە پێش چاوی هەموو عالەم چرووك و سووك و مەهتووکی
لە نێو جەمعی میلەل بێئیحتیڕام و قەدر و مەنفووری

★ ★ ★

(٤)

نیشتمان، ژمارە (٦)، لاپەڕە ٢٠

کەمی ماوە

لە شەوقی نیشتمان و شۆعلەی ئەستێرەی گەلاوێژە
برینی ڕووح و قەلب و قالبم فیلجوملە سارێژە
ئەگەر باوەڕ دەکەن یاران، سەدای تەپڵی بەشارەت دێ
مەڵێن ئەم شاعیرە دێوانەیە، یا شێتە یا گێژە
دەڵێن ئەو کاروانی قافڵەی کوردی وەپاش کەوتوو
کەمی ماوە نەجاتیان بێ لە ئەم هەوراز و ئەم لێژە
برا! گەردنکەچی و مەحکوومی خۆراکێکە ژەهراوی
دەخیلت بم نەچی بیخۆی، بڕۆ تێیهەڵدە، بیڕێژە
لە میوەی باغی ئازادی کەسێ بخوا، دەکا تەسدیق
کە میوەی جەننەتە هاتۆتە دنیا، هەستە بیچێژە
کەسێ مونکیر بە ئازادی و بە ئیستیقلالی میللەت بێ
بە سووڕەت زیندووە، دڵ مردووە، بینێرە بینێژە
کەسێکی هەر تەرەققی شەخسی خۆی مەنزوور و مەتڵەب بێ
بە سووڕەت گەرچی گوێکورتە، بەڵام بێچارە گوێدرێژە
خوداوەندا! بە حەق و حورمەتی خاسانی دەرگاهت

ئەوانەی ڕوو بە قیبلەن، دائیمەن دەستیان بە دەستنوێژە
کەسێ حیفزی حقووقی میللەتی مەنزوور نەبێ، ڕەببی
کەڕ و لاڵ بێ لە پاش کوێری، بە خروێکە و بە سوورێژە

★ ★ ★

سەرچاوەکان:


١- دەستنووسەکانی مامۆستا عوبەیدوڵڵا ئەییوبیان «٧ دەفتەر»
٢- دیوانی کوردی مەلا مارفی کۆکەیی، چاپی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٤٦
٣- دیوانی فارسی مەلا مارفی کۆکەیی، چاپی سەیدیان، پاکستان، ١٣٤١
٤- گۆڤاری نیشتمان(تەمووزی ١٩٤٣ – مایسی ١٩٤٤)زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، سوێد، ٢٥٩٧ی‌ك/١٩٨٥ف
٥- ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، سوێد، چاپی یەکەم، ١٩٩٩
٦- ڕشتەی مرواری، عەلائەددین سەجادی، تاپی کامپیۆتەری، ؟، ؟



**وێنەی لاپەڕەیەك لەو دەستنووسانەی لە لای مامۆستا ئەییوبیان پارێزراون**



**مەلا مارف کۆکەیی** (1874 - 1945)

**مەهاباد – ۲۰۰۵/۱/۱**

S_abdullahsamadi@yahoo.com